مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

# المكانة الاجتماعية للأب في الأسرة الكردية دراسة ميدانية في مدينة أربيل

م.م. دانا رحمان خضر

قسم علم الاجتماع / كلية الآداب / جامعة صلاح الدين-أربيل

Dana.khidr@su.edu.krd

م.م. ريدار عزالدين كانبى

قسم علم الاجتماع / كلية الآداب / جامعة صلاح الدين-أربيل

Redar.Kanaby@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: المكانة، المكانة الاجتماعية، الأب، السلطة الأبوية، الأسرة.

**كيفية اقتباس البحث**

خضر , دانا رحمان , ريدار عزالدين كانبى , المكانة الاجتماعية للأب في الأسرة الكردية دراسة ميدانية في مدينة أربيل,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في ROAD**

**Indexed مفهرسة في IASJ**

# The Social Status of the Father within the Kurdish Family (A Field Study in the City of Erbil)

.Asst. Lect. Dana Rahman khidr
Department of Sociology, College of arts, Salahaddin University Erbil, Kurdistan region, Iraq.
Dana.khidr@su.edu.krd

.Asst. Lect. Redar izadin kanaby
Department of Sociology, College of arts, Salahaddin University Erbil, Kurdistan region, Iraq
Redar.Kanaby@su.edu.krd

**Keywords** : Status, Social Status, Father, Paternal Authority, Family.

**How To Cite This Article**
Khidr, Dana Rahman , Redar izadin kanaby ,The Social Status of the Father within the Kurdish Family (A Field Study in the City of Erbil( ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
As the fundamental unit of society, the family has always been influenced by cultural and contemporary transformations, in which the father has played a central role as the axis of authority and the guardian of family unity. From this perspective, this research seeks to address a primary question: Has the social status of the father within the Kurdish family in Erbil remained a center of power amidst modernity and economic changes, or has it shifted toward functional change and a consultative role? The objectives of this study are to identify the actual status of the father within the contemporary Kurdish family structure, alongside analyzing decision-making mechanisms and the impact of modernity and

cultural shifts on this status. This is a quantitative study, employing a descriptive method through a social survey approach. The research population consists of the residents of Erbil city. A purposive sampling method was utilized, specifically targeting individuals whose fathers are still living. The sample size consists of (384) participants, reaching the scientific standard for such studies. Data collection was conducted using a survey questionnaire administered to the sample units in Erbil. The key findings of the research indicate that the father's status within the Kurdish family remains at a very high level, signifying that the father is still perceived as the primary pillar and source of family strength. Regarding decision-making authority, the results revealed that the father remains the ultimate decision-maker in critical matters such as (education, marriage, and property acquisition). One of the most significant findings is that the father's status has demonstrated strong resilience against cultural changes and social media. Furthermore, the mother's economic independence has not significantly diminished the father's hegemony.

ملخص:

تعد الأسرة الوحدة الأساسية للمجتمع، وقد ظلت دائما تحت تأثير المتغيرات الثقافية والمعاصرة، حيث لعب الأب فيها دور المحور الرئيسي للسلطة والحامي لتماسك الأسرة. ومن هذا المنطلق، تحاول هذه الدراسة الإجابة على التساؤل الرئيسي التالي: هل لا تزال المكانة الاجتماعية للأب داخل الأسرة الكردية في مدينة أربيل، في ظل الحداثة والمتغيرات الاقتصادية، تشكل مركز القوة، أم أنها اتجهت نحو التغير الوظيفي والدور الاستشاري؟ تتمثل أهداف الدراسة في تحديد المكانة الحقيقية للأب داخل بنية الأسرة الكردية في العصر الراهن، مع تحليل آليات صنع القرار وتأثير الحداثة والمتغيرات الثقافية على هذه المكانة. تصنف هذه الدراسة ضمن البحوث الكمية، حيث اعتمد الباحث على المنهج الوصفي باستخدام أسلوب المسح الاجتماعي بالعينة. اشتمل مجتمع الدراسة على سكان مدينة أربيل، وكانت عينة الدراسة ،عمدية، (قصدية) من خلال استهداف الأفراد الذين لا يزال آباؤهم على قيد الحياة. بلغ حجم العينة (٣٨٤) شخصا، وهو العدد الذي يحقق المعايير العلمية القياسية. اعتمدت الدراسة على استمارة الاستبيان لجمع المعلومات والبيانات من وحدات المعاينة في مدينة أربيل. أظهرت النتائج

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

الرئيسية للدراسة أن مكانة الأب داخل الأسرة الكردية لا تزال في مستوى عال جدا، مما يشير إلى أن الأب لا يزال ينظر إليه كركيزة أساسية ومصدر لقوة الأسرة. ومن حيث سلطة صنع القرار، تبين أن الأب لا يزال هو صاحب القرار في القضايا المصيرية مثل (التعليم، الزواج، وشراء العقارات). ومن أبرز ما توصلت إليه الدراسة أن مكانة الأب أظهرت مقاومة قوية تجاه التغيرات الثقافية وشبكات التواصل الاجتماعي، كما أن الاستقلال الاقتصادي للأم لم يكن له تأثير ملموس في تقليل هيمنة الأب داخل الأسرة.

**پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزانی کورددیا**
**(توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)**

**م.ی. دانا رحمان خضر**
**بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر**
Dana.khidr@su.edu.krd
**م.ی. ڕێدار عزالدین کانبی**
**بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر**
Redar.Kanaby@su.edu.krd
**هەولێر- کوردستان**

پوختەی توێژینەوە
خێزان وەک یەکەی بنەڕەتی کۆمەڵگە، هەمیشە لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە کلتووری و سەردەمییەکاندا بووە، کە تێیدا باوک وەک جەمسەری سەرەکیی دەسەڵات و پارێزەری یەکگرتوویی خێزان ڕۆڵی گێڕاوە. لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسە سەرەکییە بداتەوە، ئایا پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزانی کورددیا لە شاری هەولێر، لە سایەی مۆدێرنیتە و گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا، هێشتا وەک سەنتەری هێز ماوەتەوە یان بەرەو گۆڕانی وەزیفی و ڕۆڵی ڕاوێژکاری ڕۆیشتووە؟ ئامانجەکانی ئەو توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی پێگەی ڕاستەقینەی باوکە لە ناو پێکهاتەی خێزانی کورددیا لە سەردەمی ئێستادا، لەگەڵ شیکردنەوەی میکانیزمەکانی بڕیاردان و کاریگەری مۆدێرنیتە و گۆڕانکارییە کولتوورییەکان لەسەر ئەم پێگەیە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتیە، توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە. کۆمەڵگەی ئەو توێژینەوەیە دانیشتوانی شاری هەولێرە، جۆری نموونەی توێژینەوەکە مەبەستدارە چونکە ئەو کەسانەمان وەرگرتووە کە باوکیان لە ژیان ماوە. قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٨٤) کەس، چونکە بەو ژمارەیە توێژینەوەکەمان گەیشتۆتە ئاستی ستاندارتی زانستی. لەم توێژینەوەیە پشتمان بەست بە فۆرمی ڕاپرسی، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە شاری هەولێر. ئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەریانخست کە پێگەی باوک لە ناو خێزانی کورددیا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ماوەتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە باوک هێشتا وەک ستوونی سەرەکی و سەرچاوەی بەهێزیی خێزان دەبینرێت. لە ڕووی دەسەڵاتی بڕیاردانەوە، دەرکەوت کە باوک هێشتا خاوەن بڕیارە لە پرسە چارەنووسسازەکانی وەک (خوێندن،

هاوسەرگیری، و کڕینی موڵک). یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە کە پێگەی باوک بەرگریەکی بەهێزی نیشانداوە بەرامبەر گۆڕانکارییە کولتوورییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، و سەربەخۆیی ئابووری دایک کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر کەمکردنەوەی هەژموونی باوک لە ناو خێزاندا.

کلیلی وشەکان: پێگە، پێگەی کۆمەڵایەتی، باوک، دەسەڵاتی باوکایەتی، خێزان.

## 1- پێشەکی

خێزان ژینگەی یەکەمی گەشەی مرۆیی و گواستنەوەی بەها کلتوورییەکانە. لە ناو ئەم سیستەمەدا، باوک وەک سیمبۆلێکی سەرەکی بۆ دەسەڵات، پاراستن و دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان ناسراوە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێگەی باوک تەنها ڕەهەندێکی بایۆلۆژی یان ئابووری نییە، بەڵکو خاوەن پێگەیەکی کلتووری و ئایینییە کە وەک ناوەندی بڕیاردان و پارێزەری یەکگرتوویی خێزان دەردەکەوێت. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شەپۆلەکانی مۆدێرنیتە و گۆڕانکارییە خێراکان لە پێکهاتەی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، وێنەی کلاسیکی باوک ڕووبەڕووی تەحەدای جدی بووەتەوە. شاری هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان، بەهۆی زیادبوونی ئاستی خوێندەواری، بەشداریی کارای ئافرەت لە کایە ئابوورییەکان و کاریگەرییە فراوانەکانی تەکنەلۆژیا، گۆڕانکاریی گەورەی لە پێکهاتەی خێزانیدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەم هۆکارانە پێگەی نەریتیی باوکیان خستووەتە ژێر پرسیارەوە ئایا باوک وەک ناوەندی هێز ماوەتەوە، یان ڕۆڵەکەی بەرەو هاوبەشی و ڕاوێژکاری گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟جگە لە ڕەهەندە کلتوورییەکان، سەرەڕای سەرهەڵدانی شێوازی نوێی ژیانی شارنشینی لە هەولێر و گۆڕانکارییە ئابوورییەکان، بەڵام واقیعەکە ئاماژە بە جۆرێک لە خۆڕاگریی پێگەی نەریتیی باوک دەکات لە ناو خێزاندا. هەرچەندە دابەشکردنی کار و ئەرکەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام باوک هێشتا وەک چەتر و پارێزەری سەرەکیی سیستەمی خێزانی ماوەتەوە و هێزە مەعنەوییەکەی لە بڕیاردانەدا پارێزراوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خێزانی کوردی لە شاری هەولێر، سەرەڕای وەرگرتنی هەندێک ڕەهەندی مۆدێرنیتە، هێشتا پێکهاتە بنەڕەتییەکەی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و پێگەی باڵای باوک پاراستووە، ئەمەش وای کردووە کە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەم مانەوە و بەهێزییەی پێگەی باوک ببێتە پێویستییەکی زانستیی گرنگ. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دیدگایەکی زانستی و بە پشتبەستن بە (تیۆری ڕۆڵ)، ئەم واقیعە نوێیە بپشکنێت و شیکردنەوە بۆ ئەوە بکات کە خێزانی کوردی لە شاری هەولێر، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی بەها نەریتییەکان و وەرگرتنی مۆدێرنیتەدا ڕابگرێت. گرفتی سەرەکی لێرەدا بریتییە لەو لێکترازانی ڕۆڵانەی کە دروست بووە، لە لایەک هێشتا دابونەریت باوک وەک سەنتەری دەسەڵات دەبینێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە گۆڕانکارییە کولتوورییەکان و کرانەوەی ئەندامانی خێزان بەڕووی جیهاندا، ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیان لەق کردووە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** ئەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا باوک لە ئێستادا لە نێوان دەسەڵاتی نەریتی و پەراوێزخستنی مۆدێرندا لە کوێ وەستاوە؟ و تا چەند

توانیویەتی هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی پێگەی خۆی و قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکاندا ڕابگرێت؟ هەروەها گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی دەیەی ڕابردوو تا چەند پێگەی باوکیان لە ناو خێزانی هەولێریدا لە ناوەندێتی بڕیارەوە بەرەو ڕۆڵی ڕاوێژکاری گۆڕیوە؟ ئەویش لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی خوارەوە

ا- ئایا پێگەی ڕاستەقینەی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا لە چ ئاستێکدایە، و هەژموونی باوک لە یەکلاییکردنەوەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی سەردەمی ئێستادا چەندە؟

ب- ئایا ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە بواری کولتووری و کۆمەڵایەتیدا ڕوویانداوە، تا چەند کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی پێگەی باوک لە ناو خێزاندا.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ا- هەڵسەنگاندنی پێگەی ڕاستەقینەی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا و دیاریکردنی ئاستی دەسەڵاتی لە یەکلاییکردنەوەی پرسە بڕیارلێدراوەکانی سەردەمی ئێستادا.

ب- دەستنیشانکردنی کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتیانەی کە ڕوویانداوە لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزان.

ت- دەرخستنی جیاوازییەکان لە نێوان تێڕوانینی (نێر و مێ)، لە ناو خێزاندا بۆ پێگەی باوک، ئایا کوڕان و کچان بە هەمان شێوە دەسەڵاتی باوک دەبینن؟

ث- خستنەڕووی جیاوازی پێگەی باوک بە بەراورد بە گۆڕاوەکانی ئاستی زانستی و ئابووری

**لەسەر بنەمای ئەم ئامانجانەی سەرەوە گریمانەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە**

ا- گریمانەی سفر ($H_0$) پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و وەک جاران ماوەتەوە.

ب- گریمانەی بەدیل ($H_1$) پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان تووشی گۆڕانکاری (یان لاوازبوون) بووە.

## 2- چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### ا- پێگەی کۆمەڵایەتی

مەبەست لە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو شوێن و پلەوپایەیە، کە تاک لە ناو سیستەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا دایپۆشیوە، کە کۆمەڵێک ماف و ئەرکی بۆ دیاری دەکات و لە ڕێگەیەوە ئاستی ڕێز و دەسەڵاتی تاک لە چاو ئەندامانی تری کۆمەڵگە یان خێزاندا دەستنیشان دەکرێت.

دوو جۆر پێگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە، پێگەی پێدراوو پێگەی بەدەستهاتوو، پێگەی پێدراو کە لەسەرەتای لە دایکبوونەوە بە تاک دراوە، زۆرتر لەسەر بنەمای

بەستێنەکانی بنەماڵەی منداڵەوە ڕاوەستاوە، نێر یان مێ ئاین ڕەگەز سامان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان هەمووی لەلایەن دایک و باوک و بنەماڵەوە بۆ تاک ڕادەگوێزرێن. بەڵام پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەستهاتوو، بە بارودۆخێک دەگوترێت کە بەپێی هەوڵ و تێکۆشان و کارێک کە بەڕێوەی بردووە، یان ئەو لێهاتوویی و لێزانییانەی کە نیشانی داوە و بەدەستی هێناوە(کۆهین، ٢٠١٤، ل ٩٨). پیەر بۆردیۆ پێگەی کۆمەڵایەتی وەک کۆی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی کە تاک هەیەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا پێناسە دەکات(Bourdieu, 1986, p 73). پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو پێگەیەیە کە تاک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەیەتی و دەبێتە هۆی دیاریکردنی ڕۆڵ و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی (الحسن، ٢٠١٥، ص. ٧٨).

**پێناسەی کارڕاپی توێژەر:** پێگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو شوێن و پلە فەرمییەی تاک لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دایپۆشیوە، کە لە ڕێگەی ماف و ئەرکە چاوەڕوانکراوەکانەوە دەناسرێتەوە. لێرەوە پێگەی باوک وەک چەق بڕیاردان و سەرپەرشتیکردنی خێزان دەردەکەوێت، کە بەپێی نۆرمەکان، ئەرکی پاراستن و دابینکردنی بژێوی و ڕێبەریی ئەندامانی خێزانی پێ سپێردراوە.

**ب- باوک**

باوک تەنها کەسێکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو کەسێکە کە ڕۆڵی گرنگ لە پەروەردەی منداڵدا دەبینێت و پشتگیری سۆزداری و ئابووری لە منداڵەکانی دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵەکان دادەنێت (Lamb, 2010, p. 87). باوک وەک ئەو کەسە پێناسە دەکرێت کە ڕۆڵی چاودێری باوکانە دەبینێت، بەشداری لە خۆشگوزەرانی منداڵدا دەکات، نموونەیەکی بەهاکانی ئەخلاق و مەعریفییە، کاریگەری لەسەر بنیاتنانی کەسایەتی منداڵ و پێکهێنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی دادەنێت (الجابري، ٢٠١٥، ص. ٤٢). پارسۆنز لە کتێبی،(Social Structure and Person)، دا ئاماژەی بەوە کردووە کە باوک تەنها مانایەکی بایۆلۆژیی نییە، بەڵکو گرینگترین خاڵی پیوەندی نێوان خێزان و دامەزراوەی کارو پیشەیی یە لە ناو کۆمەڵدا، جا ئەمەیش واتایەکی نوێی بۆ باوکایەتی دروست دەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە(parsons,1964, p 73).

پێناسەی کارڕاپی توێژەر: باوک لەم توێژینەوەیەدا وەک چەق و ڕێبەری سەرەکیی خێزان پێناسە دەکرێت، کە بەرپرسیارێتیی ڕەهایی لە بنیاتنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی منداڵەکان لەئەستۆیە. ئەم پێناسەیە تەنیا لایەنی بایۆلۆژی ناگرێتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر سێ ڕەهەندی کارڕاپی دەکاتەوە، یەکەم: پاڵپشتی ئابووری، وەک دابینکاری بژێوی. دووەم: سەرپەرشتیی کۆمەڵایەتی، وەک گواستنەوەی نۆرم و بەهاکان. سێیەم: پێگەی دەسەڵات، کە باوک وەک نموونەی باڵا لە ناو پەیوەندییە خێزانییەکاندا کاردەکات.

**ت- خێزان**

خێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە و شانۆی کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، تیایدا تاکەکەس لە دایک دەبێ و گەشە دەکات و پێدەگات و دەبێتە ئەندامێکی سەربەخۆی پشت بەخۆبەستوو. بەهۆی خێزانەوە تاکەکەس ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان وەردەگرێت و فێریان دەبێت، بەهۆیەوە ڕۆڵ و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا بۆ دەستنیشان دەکرێت( القصير، ٢٠٠٢، ل ١٠_١١). ( ئۆگست کۆنت) دەڵێت(خێزان بریتیە لە خانەیەك لە جەستەی کۆمەڵگە، خاڵی سەرەتایە بۆ دەست پێکردنی گەشەکردن و ناوەندێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی. کە تاك لەوێ گەشە دەکات و زمان و هەموو ڕۆشنبیریەکی لە کۆمەڵگە و لەو نێوەندەدا فێر دەبێت. لە بەر ئەوە خێزان یەکەمین و سادەترین ناوەندە کە یاوەر و وێژدان و هەست و جیاوازی کارەکان کۆیان دەکاتەوە(الخشاب، ١٩٨١، ص،٢٣). خێزان یەکەیەکی سەرەکییە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، خێزان دەزگایەکە لە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و بگرە گرنگترین دەزگاشە. لە ناو خێزانەوە یەکەم هەنگاوی ژیانمان دەست پێدەکات، بەکەش و هەوای خێزان ڕادێین و سەرچاوەی ئەخلاقیشمانە، خێزان کۆڵەکەی یەکەمی ڕێکخستنی ڕەفتارە، هەروەها پێویستییەکی سەرەکی مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتیە( بن مەحموود، ٢٠١٤، ل ٦٣)

**پێناسەی کارڕاپی خێزان:** بریتییە لەو یەکە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەی کە لە کۆمەڵێک تاک پێکدێت و بە پەیوەندیی یاسایی، خوێن، یان هاوسەرگیری یەکخراون. لەم توێژینەوەیەدا، خێزان وەک ژینگەیەکی کارلێککار پێناسە دەکرێت، کە تێیدا باوک وەک سەنتەری بڕیاردان و دابینکاری بژێوی دەردەکەوێت، هەروەها ئەندامەکانی تریش لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتییەکی ئابووری و پەروەردەیی هاوبەشدا، ئەرک و مافەکانیان لەگەڵ پێگەی باوکدا ڕێکدەخەن بۆ پاراستنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیی خێزانەکە.

### 3- تیۆری ڕۆڵ و ڕەهەندە جیاوازەکانی لە شیکردنەوەی پێگەی باوکدا

ئەم تیۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەک یەکێک لە تیۆرە مۆدێرنەکان سەریهەڵداوە. بنەمای ئەم تیۆرە ئەوەیە کە ڕەفتاری تاک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی کە لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت. بەپێی ئەم دیدگایە، پێگەی کۆمەڵایەتی تاک لە ناو خێزاندا لە ڕێگەی ڕۆڵەکانییەوە دیاری دەکرێت، چونکە هەر ڕۆڵێک کۆمەڵێک ئەرک و مافی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت کە سنووری ڕەفتارەکانی تاک دەستنیشان دەکەن (حەسەن، ٢٠١٢، ل ١٩٤).

ماکس ڤیبەر، پێگەی باوک لە ناو خێزاندا لە ڕێگەی چەمکی دەسەڵاتەوە شیکار دەکات. بە بڕوای ئەو پێگەی باوک بەندە بەو جۆرە دەسەڵاتەی کە خاوەنیەتی. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، باوک خاوەنی دەسەڵاتی نەریتییە. واتە دەسەڵاتەکەی لەسەر بنەمای دابونەریت و بەها باوەکان دامەزراوە و وەک شتێکی سروشتی و پیرۆز سەیر دەکرێت، کە تێیدا باوک بڕیاردەری سەرەکییە(Weber, 1978, p. 226).

ڤیبەر دەسەڵاتی باوکسالاری لە چوار خاڵدا چڕ دەکاتەوە

ا- ڕەوایەتی نەریتی وەرگرتنی مافی بڕیاردان لە سیستەمە میراتییەکانەوە.

ب- دەستبەسەرداگرتنی ئابووری  پێگەی باوک وەک بژێویدەری سەرەکی، دەسەڵاتەکەی بەهێزتر دەکات.

ت- هەژموونی ڕەمزی باوک وەک سەرچاوەی بەها ئەخلاق و ڕێنماییەکان دەبینرێت.

ث- پەیوەندی بە ئایین و نەریت کە ئەم پێگەیە بەهێزتر دەکەن(Weber, 1947, p. 363).

ڤیبەر شیکردنەوەی بەراوردکاری بۆ دەسەڵاتی باوکسالاری لە کۆمەڵگا ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکاندا پێشکەش کردووە، کە جیاوازییەکانی لە سروشت و ئاستی ئەم دەسەڵاتەدا خستووەتە ڕوو. لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا، ڤیبەر بەردەوامییەکی بەهێزتری بۆ دەسەڵاتی باوکسالاری نەریتی تێبینی کردووە، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکاندا، کە گۆڕانکاری قووڵتریان بەرەو عەقڵانییەت بەخۆیانەوە بینیوە (العبيدي، ٢٠١٦، ل. ١٢٤). ڤیبەر جەخت لەسەر کاریگەری مۆدێرنیتە و پیشەسازی بوون لەسەر پێگەی باوک دەکاتەوە بەپێی بۆچوونی ئەو، لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگای مۆدێرن و پەرەسەندنی بیرۆکراسی، گۆڕانکاری بەسەر پێگەی باوکدا هاتووە. دەسەڵاتی باوک لە خێزاندا کەمتر بووەتەوە و بەرەو سیستەمێکی دەسەڵاتی یاسایی-عەقڵانی چووە، کە تێیدا پێگە و ڕۆڵەکان زیاتر لەسەر بنەمای توانایی و شایستەیی دیاری دەکرێن نەک تەنها لەسەر بنەمای نەریت (Weber, 1947, p. 370).

هەرچەندە ڤیبەر جەخت لەسەر دەسەڵات و پێکهاتەی گشتی دەکاتەوە، بەڵام پێویستە بزانرێت ئەم پێگەیەی باوک چۆن لە ناو دەروون و ناسنامەی تاکی ئەندامی خێزاندا جێگیر دەبێت. جۆرج هێربەرت مید لە ڕێگەی ئینتەراکشنیزمی سیمبۆلییەوە، وێنەکە تەواو دەکات بەوەی کە باوک تەنها خاوەن دەسەڵات نییە، بەڵکو کارلێککارێکی سەرەکییە کە وێنەی خود لای منداڵ دروست دەکات.

جۆرج هێربەرت مید   وەک دامەزرێنەری تیۆریکارلێکی هێمایی، پێیوایە پێگەی باوک لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، نەک تەنها لایەنی بایۆلۆژی. باوک لای مید وەک ئەویتری گرنگ  کاردەکات، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهاتنی خود لای منداڵ هەیە(Mead, 1934, p. 152) .

کاریگەری باوک لای مید لەم سێ لایەنەدا دەردەکەوێت:

ا- نمایشکردنی ڕۆڵ گواستنەوەی نۆرمەکان بۆ منداڵ لە ڕێگەی ڕەفتارەوە.

ب- کاریگەری لەسەر خودی بینراو،  منداڵ لە ڕێگەی کاردانەوەکانی باوکەوە وێنەی خۆی لا دروست دەبێت.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ت-پەرەپێدانی توانای گرتنی ڕۆڵ، باوک یارمەتی منداڵ دەدات لە تێگەیشتن لە جیهانبینی کەسانی تر (صالح، ٢٠١٩، ل. ١٠٥).

دوای ئەوەی لە ڕەهەندی دەسەڵات و کارلێکی پێگەی باوک تێگەیشتین، پێویستە لە ڕۆڵی ئەم پێگەیە بکۆڵینەوە لە ناو سیستەمی خێزاندا، وەک یەکەیەکی گشتی.

تاڵکۆت پارسۆنز، کۆمەڵناسی ناوداری ئەمریکی و دامەزرێنەری تیۆری بنیادی ئەرکگەرایی، تیۆرێکی تایبەتی سەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵەکان لە خێزاندا پێشکەش کردووە. باس لەوە دەکات کە چۆن ڕۆڵی باوک وەک وەزیفە، دەبێتە هۆی پاراستنی هاوسەنگی و بەردەوامی خێزان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. پارسۆنز پێگەی باوک لە چوارچێوەی تیۆری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی خێزان شیدەکاتەوە.(Parsons, 1951, p. 97) پارسۆنز لە چوارچێوەی ئەو تیۆرە، خێزان وەک سیستەمێک دەبینێت کە باوک تێیدا، وەک ڕۆڵ و ئامرازێکی سەرەکی دەبینێت. ئەم ڕۆڵە بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکان، پاراستنی ئاسایشی. خێزان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە (Parsons, 1955, p. 23). پارسۆنز جەخت لەسەر دوالیزمی پێکهاتەیی دەکاتەوە، کە تێیدا باوک و دایک تەواوکەری یەکترن باوک وەک لایەنی ئابووری و سەقامگیری، دایک وەک لایەنی سۆزداری. هەرچەندە مۆدێرنیتە گۆڕانکاری لەم ڕۆڵانەدا دروست کردووە، بەڵام پارسۆنز هێشتا باوک وەک نموونەیەکی باڵا دەبینێت بۆ دروستکردنی ناسنامەی ڕەگەزیی منداڵ (Parsons & Bales, 1955, p. 89). کاریگەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێگەی باوک، بابەتێکی گرنگە لە لای پارسۆنز، ئەو پێیوایە کە هەرچەندە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا گۆڕانکاری بەسەر پێگەی باوکدا هاتووە، بەڵام هێشتا ئەرکی سەرەکی باوک وەک دابینکەری سەرەکی داهاتی خێزان و بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکان بەردەوامە، هەرچەندە، پارسۆنز دان بەوەدا دەنێت کە لەگەڵ بەشداری ژنان لە بازاڕی کار و گۆڕانکارییەکانی تر، هەندێک گۆڕان لە ڕۆڵ و پێگەی باوکدا دروست بووە(Parsons, 1959, p. 25) .

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی ئەم تیۆرانەوە، هەوڵ دەدات وێنەیەکی گشتگیر بۆ پێگەی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا بکێشێت. بەکارهێنانی تیۆری ڕۆڵ و دەسەڵاتی ڤیبەر، یارمەتیمان دەدات لەوە تێبگەین کە باوک چۆن پارێزگاری لە شکۆ و بڕیاردانی خۆی دەکات، لە کاتێکدا دیدگای مید و پارسۆنز ڕوونی دەکەنەوە، کە گۆڕانکارییە مۆدێرنەکان و بەشداریی ئابووریی ژنان، چۆن ئەرک و ڕۆڵی پەروەردەیی باوکیان لە سەروەریی ڕەهاوە بەرەو هاوبەشیی وەزیفی گۆڕیوە. بەم پێیە، تیۆرەکان دەبنە نەخشەیەک بۆ ناسینەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر پێگەی باوکدا هاتووە لە نێوان نەریت و مۆدێرنیتەدا.

## 4- توێژینەوەکانی پێشووتر

**یەکەم** توێژینەوەی عەرەبی (سالم محمد الحاج، ٢٠٢٤) بە ناونیشانی (مكانة الآب فى الآسرة الليبية - بين التغير الاجتماعى والقيم والآعراف الآجتماعية بالمجتمع الليبى).

(پێگەی باوک لە خێزانی لیبیدا - لە نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی لیبیدا).

ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ا- دەستنیشانکردنی پێگەی باوک لە ناو خێزانی لیبیا.

ب- تا چەند باوک پێگەی خۆی لەناو خێزانی لیبیدا دەپارێزێت؟

توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، هەروەها ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خێزانە لیبییەکان، قەبارەی نموونەکە پێکهاتووە لە **(١٠٠)**، کەس وەک سەرۆک خێزان (باوک) یان ئەندامانی خێزان لە ناو کۆمەڵگەی لیبیدا. کە بەشێوەی مەبەستدار وەریگرتوون.

ئەنجامە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە کە:

ا- پێگەی باوکەکە لە بنەماڵەی لیبیا تا ڕادەیەکی زۆر پارێزراو بووە، کە تیادا هۆکارە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنەوەی پێگەی باوک.

ب- هەموو ئەندامانی خێزان باوک بە گەرەنتی بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانی بە دەزانن و بەزۆری لە ئەگەری ناکۆکی خێزانیدا ئەو دەسەڵاتی کۆتاییە.

ت- نوێنەری بنەماڵە پێش ئەوانی تر بە پارێزەری هەموو ئەندامەکان دادەنرێت. ئەو کەسەیە کە ناوەکانیان بە منداڵەکان دەبەخشێت، کە وەک ناسنامەیان خزمەت دەکەن و بەم شێوەیەش پارێزەری ئەوانە.

**دووەم** توێژینەوەی ئینگلیزی (Balogun, tolulope Victoria, and others, 2023) بە ناونیشانی

(The Need for Fathers as Role Models to Aid Family and Social Cohesion in Resource-Constrained Contexts).

(پێویستی بە باوک وەک نموونەی باڵا بۆ پشتیوانیکردنی یەکگرتوویی خێزان و کۆمەڵگە لە ژینگە کەمدەرامەتەکاندا).

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕۆڵ و پێویستی باوک وەک نمونەیەک لە ناو خێزان بکۆڵێتەوە، بۆ یارمەتیدانی یەکگرتوویی خێزان و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سنووردارکردنی

سەرچاوەکاندا. بۆ ئەوەی خێزانەکان و کۆمەڵگاکان گەشە بکەن و یەکگرتووتر بن، کە لە کۆتاییدا دێتە ناو کۆمەڵگاوە.

توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە (پارێزگای کیپی ڕۆژئاوای باشووری ئەفریقا)، نموونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە (٢٥) دایک و باوک، کە توێژەر بە شێوەیەکی مەبەستدا وەریگرتوون، توێژەر بەشێوازی چاوپێکەوتن زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە.

ئەنجامە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە کە:

ا- ئامادەنەبوونی باوک لە ناو خێزان دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزانەکان.

ب- بەشێک لە باوکان دەیانەوێت بەردەوام لەگەڵ منداڵەکانیان بن، بەڵام بارودۆخی ژیانیان وەک گەڕان بەدوای کار و کارکردن لە دەرەوە، کاتی پێویستیان پێنادات تاکو بەردەوام لەگەڵیان بن. ئەم دوورییە دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان، بە تایبەت باوکان پەیوەندییان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکانیان لەدەست دەدەن، لە ئەنجام منداڵان لە دەرفەتی پەروەردەکردن لە لایەن دایک و باوکەوە بێبەش دەکەن ،

ت- ئامادەنەبوونی باوک لە ژیانی منداڵدا دەبێتە هۆی فشاری دەروونی و هەستکردن بە ڕەتکردنەوە و بێ بەهایی، لە کۆتایی ئەم جۆرە هەستانە دەبنە هۆکاری تێکچوونی پەروەردەی منداڵ و دروستبوونی ڕەفتاری تاوانکاری، بەهۆی نەبوونی چاودێری و ڕێنمایی دایک و باوکەوە.

دوای خستنەڕووی چەند توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا دەگەین بە چەند خاڵێک

ا- **ئامانجەکان** هەر دوو توێژینەوەکە لەسەر ئامانجێکی گشتی هاوبەشن کە ئەویش دیاریکردنی پێگەی باوک و ڕۆڵی ئەو لە پاراستنی یەکگرتوویی خێزاندایە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجێکی فراوانترەوە هەوڵی داوە کاریگەریی مۆدێرنیتە و جیاوازیی تێڕوانینی ڕەگەزی (نێر و مێ) بپێوێت، کە لە توێژینەوەکانی تردا بەو وردییە ئاماژەی پێنەکراوە.

ب- **میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە** ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی چەندایەتی گرتووەتە بەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامە ئامارییەکان، کە لێرەدا لەگەڵ توێژینەوە عەرەبییەکە (الحاج) هاوڕایە، بەڵام جیاوازییەکی ڕیشەیی لەگەڵ توێژینەوە ئینگلیزییەکە (Balogun) دروست دەکات کە میتۆدی چۆنایەتی بەکارهێناوە.

ت- **ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری** ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوە عەرەبییەکە، پشتی بە فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، لە کاتێکدا توێژینەوە ئینگلیزییەکە تەنها ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە کە زانیارییەکان تێیدا سنووردارترن.

ث- **کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە** خاڵی هەرە بەهێزی ئەم توێژینەوەیە لێرەدا دەردەکەوێت چونکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی شاری هەولێر و بە نموونەیەکی گەورەی مەبەستدار، کە لە

(٣٨٤) کەس پێکهاتووە ئەنجامدراوە، کە ئەمەش نوێنەرایەتییەکی زۆر فراوانتر و زانستیتر دەکات بە بەراورد بە نموونەی توێژینەوەکانی پێشوو کە تەنها (١٠٠) و (٢٥) کەس بوون.

ج- **ئەنجامەکان** هەرچەندە هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی باوک ستوونی سەرەکی خێزانە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە گەیشتووەتە ئەنجامێکی تایبەت، کە بریتییە لە بەرگرییەکی بەهێزی پێگەی باوک لە بەرامبەر گۆڕانکارییە کولتوورییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە جۆرێک کە باوک لە خێزانی کوردیدا هێشتا وەک ناوەندی بڕیاردانی کۆتایی ماوەتەوە، بە پێچەوانەی ئەنجامەکانی توێژینەوە ئینگلیزییەکە کە جەختی لەسەر لێکترازانی خێزان کردووەتەوە.

## 5- لایەنی میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە، توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە. ئەم ڕێبازە نەک تەنها کار بۆ وەسفکردنی دیاردەکە دەکات، بەڵکو هەوڵ دەدات لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزان بکات.

کۆمەڵگەی ئەو توێژینەوەیە دانیشتوانی شاری هەولێرە، جۆری نموونەی توێژینەوەکە مەبەستدارە، چونکە بەشداربووان لەسەر بنەمای پێوەرێکی دیاریکراو هەڵبژێردراون کە ئەویش بوونی باوکە لە ژیاندا، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە وردی پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزانەکاندا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٨٤) کەس، چونکە بەو ژمارەیە توێژینەوەکەمان گەیشتۆتە ئاستی ستاندارتی زانستی.

لەم توێژینەوەیە پشتمان بەست بە فۆڕمی ڕاپرسی، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە شاری هەولێر. بژاردەکانی ئەم فۆرمە پێکهاتووە لە (بەڵێ، تارادەیەک، نەخێر)، کە لە (٨) گۆڕاو و (٢) تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێک لە کۆمەڵێک پرسیار پێکهاتووە، کۆی گشتی پرسیارەکان دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی پسپۆڕان بوو بە (١٨) پرسیار، لە ڕووی ئیتیکییەوە، توێژەر پابەند بووە بە پاراستنی مافی بەشداربووان. کە بە ویستی خۆیان و دوای تێگەیشتن لە ئامانجی توێژینەوەکە ڕەزامەندییان دەربڕیوە.

## 6- مەرجە سایکۆمەترییەکانی توێژینەوەکە

ڕاستی و جێگیری فۆڕم یەکێکە لە قۆناغە سەرەکی و گرنگەکانی هەموو توێژینەوە زانستییەکان، چونکە فۆڕم یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەکان، بۆ ئەمەش پێویستی بە ئاستێکی باش لە ڕاستێتی (validity)، جێگیری (Reliability)، هەیە.

**ا- ڕاستی ڕواڵەتی (face validity)**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕادەی شیاوی و نەشیاوی پرسیارەکانی فۆرمەکە، توێژەر هەڵساوە بە نیشاندانی فۆڕمەکە بە کۆمەڵێک پسپۆڕ، کە ژمارەیان (٥) پسپۆڕە لە بوارەکانی (کۆمەڵناسی)، تیادا پشت بەستراوە بە پەیوەستی (٨٠%)، بۆ هێشتنەوەی پرسیارەکان بە گوێرەی بۆچوونی پسپۆڕەکان، کە تیادا (٣) پرسیار لابران، چونکە ڕێژەکەیان کەمتر بوو لە پەیوەستی (٨٠ %)، لە





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەنجامدا پرسیارەکان لە (٢١) پرسیارەوە بوون بە (١٨) پرسیار. سەرەرای چاککردن و دەستکاریکردنی چەند پرسیارەک، بە تایبەت لە لایەنی زمانەوانییەوە بۆ ئەوەی زیاتر شیاو بن بۆ فۆرمی ڕاپرسییەکە.

خشتەی (١) بۆچوونی پسپۆڕان دەردەخات بۆ پرسیارە شیاو و نەشیاوەکانی فۆرمەکە

| ژمارەی پرسیارەکان | کۆی پرسیارەکان | ژمارەی پسپۆڕە ڕەزامەندەکان | ڕێژەی ڕەزامەندی | ڕێژەی سەدی بۆ ڕەزامەندی | شیاو و نەشیاوی پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1، 2، 5، 6، 7، 8، 14، 15، 16، 18، 21 | 11 | 5 | 5/5 | 100% | شیاون |
| 3، 4، 9، 10، 13، 17، 19، | 7 | 4 | 5/4 | 80% | شیاون |
| 11، 12، 20 | 3 | 3 | 5/3 | 60% | نەشیاون |
| نیە | - | 2 | 5/2 | 40% | نەشیاوە |
| کۆی برگەکان | 21 | | | | |

**لە ئەنجامی بۆچوونی پسپۆڕان (3) پرسیار لە فۆرمی بەراپی توێژینەوەکە لابراون کە دەکاتە پرسیارەکانی (20،12،11)**

**ب-جێگیری**

بۆ دڵنیابوون لە جێگیری (Reliability) فۆرمی توێژینەوەکە، پێوەری ئەلفا کرونباخ (Cronbach's Alpha)بەکارهێنرا. ئەنجامەکان دەریانخست کە بەهای جێگیری بۆ (١٨) پرسیاری فۆرمەکە بریتییە لە .(**0.774**) ئەمەش نیشاندەری ئاستێکی باشی جێگیرییە و دەری دەخات کە فۆرمەکە شیاوە بۆ جێبەجێکردن لەسەر نمونەی توێژینەوەکە، چونکە بەهاکەی لە (٠,٧٠) گەورەترە. هەروەک لەو خشتەی خوارەوە دەرکەتووە.

| Reliability Statistics | |
|---|---|
| Cronbach's Alpha | N of Items |
| 0.774 | 18 |

خشتەی (٢) بەهای جێگیری فۆڕمەکە بە دەردەخات

**7 - خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم – خستنەڕووی زانیاریە گشتیەکانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە**

خشتەی (٣) خستنەڕووی زانیاریە گشتیەکانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | دابەشبوونی گۆڕاوەکان | ژمارە | |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 232 | 60.4% |
| | مێ | 152 | 39.6% |
| | کۆی گشتی | 384 | 100% |
| تەمەن | 22_18 | 130 | 33.9% |
| | 27_23 | 60 | 15.6% |
| | 32_28 | 51 | 13.3% |
| | 37_33 | 94 | 24.5% |
| | 38 زیاتر | 49 | 12.7% |
| | کۆی گشتی | 384 | 100% |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 197 | 51.3% |
| | خێزاندار | 183 | 47.7% |
| | جیابوەوە | 3 | 0.8% |
| | تاک مردوو | 1 | 0.2% |
| | کۆی گشتی | 384 | 100% |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | 2 | 0.5% |
| | سەرەتایی | 9 | 2.3% |
| | ئامادەیی | 99 | 25.8% |
| | پەیمانگا و بەکالۆریۆس | 205 | 53.4% |
| | خوێندنی باڵا | 69 | 18.0% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | 384 | **100%** |
| ئاستی خوێندەواری باوک | نەخوێندەوار | 60 | 15.6% |
| | سەرەتایی | 104 | 27.1% |
| | ئامادەیی | 78 | 20.3% |
| | پەیمانگا و بەکالۆریۆس | 112 | 29.2% |
| | خوێندنی باڵا | 30 | 7.8% |
| | کۆی گشتی | 384 | **100%** |
| ئاستی ئابووری | زۆر باش | 15 | 3.9% |
| | باش | 337 | 87.8% |
| | خراپ | 29 | 7.6% |
| | زۆر خراپ | 3 | 0.8% |
| | کۆی گشتی | 384 | **100%** |
| ئاستی ئابووری باوک | زۆر باش | 25 | 6.5% |
| | باش | 329 | 85.7% |
| | خراپ | 22 | 5.7% |
| | زۆر خراپ | 8 | 2.1% |
| | کۆی گشتی | 384 | **100%** |
| | | | |
| رۆژانە لەگەڵ باوکت چەند کات بەسەر دەبەی | هیچ کات | 44 | 11.5% |
| | کەمتر لە یەک کاتژمێر | 90 | 23.4% |
| | کاتژمێریک | 71 | 18.5% |
| | زیاتر لە یەک کاتژمێر | 179 | 46.6% |
| | کۆی گشتی | 384 | **100%** |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

**له ڕێگەی وردبوونەوە لە داتاکانی خشتەی پێشوو، ئەم لێکدانەوە زانستییانە بۆ زانیاریە گشتیەکانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو**

١-**ڕەگەز** سەبارەت بە دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز، ئەنجامەکان دەریانخست کە ڕەگەزی نێر زۆرینەی بەشداربووان پێکدەهێنن، بە ڕێژەی (60.4%) لە کاتێکدا ڕەگەزی مێ ڕێژەی (39.6%)ی نموونەکەیان پێکهێناوە.

٢-**تەمەن** لە ڕووی تەمەنەوە، گرووپی گەنجان کە تەمەنیان لە نێوان (22-18) ساڵدایە، بەرزترین ڕێژەیان تۆمار کردووە کە گەیشتە (33.8%) لە دوای ئەوانیش گرووپی تەمەن (37-33) ساڵ بە ڕێژەی (24.5%) دێن، گرووپەکانی تریش دابەشبوون بەسەر تەمەنی (27-23) ساڵ بە ڕێژەی (15.6%)، تەمەنی (32-28) ساڵ بە ڕێژەی (13.3%) و تەمەنی (38 ساڵ و زیاتر) کەمترین ڕێژەیان پێکهێناوە کە (12.8%) بووە.

٣-**باری کۆمەڵایەتی** لە لایەکی ترەوە، باری کۆمەڵایەتی بەشداربووان، نیشانی دەدات کە کەسانی سەڵت ڕێژەی (51.3%)و کەسانی خێزاندار ڕێژەی (47.6%)ی نموونەکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا ڕێژەی زۆر کەم بۆ کەسانی جیابووەوە بە (0.8%) و کەسانی تاک مردوو بە تەنها (0.3%) تۆمار کراوە.

٤-**ئاستی خوێندەواری** سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری بەشداربووان، دەرکەوتووە کە زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگا و بەکالۆریۆسن، بە ڕێژەی (53.4%)دواتر قۆناغی ئامادەیی بە ڕێژەی (25.8%)، پاشان خوێندنی باڵا بە ڕێژەی (18.0%)دێت، لە کاتێکدا ڕێژەی سەرەتایی تەنها (2.3%)و نەخوێندەوار کەمترین ڕێژەیان هەبووە کە (0.5%)بووە.

٥-**ئاستی خوێندەواری باوک** سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری باوک، ئەنجامەکان جیاوازن بەرزترین ڕێژە بۆ باوکانی خاوەن بڕوانامەی پەیمانگا و بەکالۆریۆس بووە، بە ڕێژەی (29.2%) دواتر ئاستی سەرەتایی بە ڕێژەی (27.1%) پاشان ئامادەیی بە ڕێژەی (20.3%)و نەخوێندەوار بە ڕێژەی (15.6%)دێن، لە کاتێکدا باوکانی خاوەن بڕوانامەی خوێندنی باڵا کەمترین ڕێژەیان پێکهێناوە کە ڕێژەکەی (7.8%)بووە.

٦-**ئاستی ئابووری** لە ڕووی ئاستی ئابوورییەوە، زۆرینەی بەشداربووان، باری دارایی خۆیان بە باش داناوە بە ڕێژەی (87.8%)، دواتر خراپ بە (7.5%)، زۆر باش بە ڕێژەی (3.9%)، زۆر خراپ کەمترین ڕێژەیە بە ڕێژەی(0.8%).

٧-**ئاستی ئابووری باوک** هەروەها ئاستی ئابووری باوکیش، هاوشێوە بووە. ئاستی باش ڕێژەی (85.7%)، ی تۆمار کردووە، دواتر زۆر باش بە ڕێژەی (6.5%)، ئاستی خراپ بە ڕێژەی (5.7%)، و زۆر خراپ بە ڕێژەی (2.1%) دێن.

٨-**بەسەربردنی کات لەگەڵ باوک** سەبارەت بە بەسەربردنی کات لەگەڵ باوک، دەرکەوتووە کە ڕێژەی (46.6%)ی بەشداربووان، زیاتر لە یەک کاتژمێر ڕۆژانە لەگەڵ باوکیان دەمێننەوە، ڕێژەی (23.4%) یان کەمتر لە کاتژمێرێک، و ڕێژەی (18.5%)یان تەنها یەک کاتژمێر لەگەڵ

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

باوکیان کات بەسەر دەبەن، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو کەسانەی هیچ کاتێک لەگەڵ باوکیان بەسەر نابەن بریتی بووە لە (11.5%)ی کۆی گشتی نموونەکە.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی سەرەوە، دەردەکەوێت کە نموونەی توێژینەوەکە (384 بەشداربوو لە شاری هەولێر)، نموونەیەکی گەنج و خوێندەوارە، کە تێیدا ڕەگەزی نێر و کەسانی سەڵت، ڕێژەی باڵایان پێکهێناوە. ئاستی بەرزی بڕوانامەی بەشداربووان و سەقامگیریی باری ئابووریی خێزانەکانیان، (بە ڕێژەی زیاتر لە 85%)، زەمینەیەکی گونجاوی ڕەخساندووە بۆ تێگەیشتنێکی وردتر لە پێگەی باوک. خاڵی هەرە سەرنجڕاکێش لەم داتایانەدا بریتییە لەوەی کە سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی سەردەم، نزیکەی نیوەی نموونەکە (46.6%)پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و کاتێکی زۆریان لەگەڵ باوکیان هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکی بەرایی بەهێزە بۆ مانەوەی باوک وەک جەمسەرێکی کاریگەر لە ناو پێکهاتەی خێزانی کوردیدا.

## دووەم خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزان

### ئامانجی یەکەم

خشتەی (٤) پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزاندای کوردیدا دەخاتە ڕوو

| ژ | پرسیارەکان | ژ- نموونە | تێکرا mean | لادانی پێوانەیی Std. Deviation | هەڵەی پێوانەیی SEM | ئاماژەی ئاماری SIG |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | باوکت بە بەرپرسی سەرەکی خێزانەکەت دەزانیت | 384 | 2.92 | .265 | .014 | 0.001 |
| | ئامۆژگارییەکانی باوکت جێبەجێ دەکەی لە ژیانی ڕۆژانەتدا | 384 | 2.78 | .414 | .021 | 0.001 |
| | لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پێگەی باوک بە بەراورد بە جاران گۆڕاوە | 384 | 1.51 | .501 | .026 | 0.001 |
| | لە بڕیارە سەرەکییەکانی ماڵەوەدا (کڕینی موڵک، خوێندنی منداڵ، سەفەرکردن) باوکت بڕیار دەدات | 384 | 2.76 | .431 | .022 | 0.001 |
| | باوکت بەرپرسی سەرەکی بژێوی خێزانەکەتانە | 384 | 2.78 | .417 | .021 | 0.001 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لە هەڵبژاردنی کارێکی نوێدا ڕاوێژ لەگەڵ باوکت دەکەیت | 384 | 2.81 | .395 | .020 | 0.001 |
| | لە چارەسەرکردنی کێشەکانتدا پشت بە باوکت دەبەستی | 384 | 2.71 | .455 | .023 | 0.001 |
| | پێت وایە باوک سەرچاوەی بەهێزبوونی پێگەی خێزانە لە کۆمەڵگەدا | 384 | 2.95 | .222 | .011 | 0.001 |
| | لە خێزانی تۆدا باوک دەسەڵاتی زیاترە لە دەسەڵاتی دایک | 384 | 2.79 | .409 | .021 | 0.001 |
| . | تێکڕای گشتی تەوەری یەکەم | 384 | 2.67 | 39. | 0.20. | 0.001 |

- *ئەگەر بەهای Sigبچووکتر بوو لە 0.05، ئەوا ئاماژەی ئاماری هەیە .(Statistically Significant)*

بە پێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیە، دەردەکەوێت کە پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ماوەتەوە. چونکە تێکڕای ناوەندی ژمێری گشتی ئەم تەوەرەیە گەیشتووەتە (2.66)، کە بە بەراوردکردنی لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە کە بریتییە لە (2)، دەبینین تێکڕای وەڵامەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو ئاستی ئەرێنی و بەهێز لایانداوە. ئەم جیاوازییە گەورەیە لە نێوان تێکڕای بەدەستهاتوو و ناوەندی گریمانەیی، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە نموونەی توێژینەوەکە بە کۆدەنگییەکی بەهێزەوە باوک وەک بڕیاردەر و ستوونی سەرەکی خێزان دەبینن.

لە لایەکی ترەوە، بەپێی ئەنجامە ئامارییەکان، بەهای ئاماژەی ئاماری (Sig)، بۆ هەموو بڕگەکان و بۆ کۆی تەوەرەکەش یەکسانە بە (0.001). لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە زۆر بچووکترە لە ئاستی واتاداریی پەسەندکراو (0.05)، دەسەلمێنێت کە ئەم ئەنجامانە واتاداریی ئامارییان هەیە و جێگەی متمانەی زانستین. بڕگەی باوک سەرچاوەی بەهێزبوونی خێزانە لە کۆمەڵگەدا بە بەرزترین ناوەندی ژمێری (2.95) دەرچووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە باوک نەک تەنها لە ناو خێزان، بەڵکو وەک سەرچاوەی هێزی خێزان لە ناو کۆمەڵگەشدا سەیر دەکرێت. لەبەر ئەوە، دەتوانرێت بگوترێت کە پێگەی باوک هێشتا بە ڕادەیەکی زۆر جێگیر و بەهێز ماوەتەوە و گۆڕانکارییەکان نەیانتوانیوە ئەم دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە لەرزۆک بکەن.

ئەگەر سەیری بڕگەکانی ناو ئەم تەوەرەیە بکەین، دەبینین بڕگەی ژمارە (12) کە دەڵێت باوک سەرچاوەی بەهێزبوونی خێزانە بە تێکڕای(2.95) لە پلەی یەکەمدا دێت، ئەمەش هێزی متمانەی منداڵ بە باوک دەسەلمێنێت. لە بەرامبەردا، بڕگەی ژمارە (3) کە باس لە گۆڕانی

پێگەی باوک بە بەراورد بە جاران دەکات، نزمترین تێکرای هەیە(1.51) ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بەشداربووان پێیان وایە پێگەی باوک وەک خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە.

بە پێی ئەنجامەکانی ئەوە تەوەرە دەبینین کە پێگەی باوک تەنها ناوێکی ڕەمزی نییە، بەڵکو پێگەیەکی کردەیی و بڕیاردەرە ئەمەش لە وەڵامی بڕگەی ژمارە (1)بە ڕوونی دەردەکەوێت کە تێیدا بەشداربووان بە تێکرای(2.92)باوک بە بەرپرسی سەرەکی خێزان دەزانن، ئەمەش بەرزترین ئاستی دانپێدانانە بە سەرکردایەتی باوک.

ئەم پێگەی بەرپرسیارییەتییە وەرگێڕدراوە بۆ دەسەڵاتی بڕیاردانیش، وەک لە بڕگەی ژمارە(4)دا دەردەکەوێت کە تێیدا تێکرای ژمێری(2.76) هاتووە بۆ ئەوەی کە لە بڕیارە سەرەکییەکانی ماڵەوەدا باوک بڕیار دەدات. ئەمە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە خێزانی کوردی هێشتا لەسەر سیستەمی (ناوەندێتی باوک)، کار دەکات لە کاتی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا، و ئەم ئەنجامانەش بەهۆی بەهای(Sig = 0.001) ەوە، ئەنجامگەلێکی زانستیی بێگومانن و دەکرێت گشتاندنیان بۆ بکرێت.

ئامانجی دووەم

خشتەی (٥) کاریگەریەکانی گۆڕانکاریە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێگەی باوک دەخاتە ڕوو لە ناو خێزان

| ژ | پرسیارەکان | ژ- نموونە | تێکرا mean | لادانی پێوانەیی Std. Deviation | هەڵەی پێوانەیی SEM | ئامازەی ئاماری SIG |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | باوک ڕۆڵ دەبینێت لە هەڵبژاردنی هاوسەرت | 384 | 2.54 | .499 | .025 | 0.001 |
| | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر گۆڕانی بیرکردنەوەت سەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی باوکت لە ناو خێزانت | 384 | 1.25 | .435 | .022 | 0.001 |
| | سەربەخۆیی ئابووری دایک کاریگەری کردۆتە سەرلاوازبونی پێگەی باوک | 384 | 1.24 | .431 | .022 | 0.001 |
| | حەز دەکەیت باوکت لەگەڵت بەژدار بێت لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانی وەک (سەردانیکردن، گەشت) | 384 | 2.82 | .384 | .020 | 0.001 |
| | لە کۆبونەوە و بۆنە گرنگەکان باوک نوێنەری | 384 | 2.92 | .273 | .014 | 0.001 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | خێزانە | | | | | |
| | گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆکاری لاوازبوونی پێگەی باوکت لە ناو خێزاندا | 384 | 1.30 | .461 | .024 | 0.001 |
| | باوکت کاریگەری هەیە لەسەر بیر و باوەڕی سیاسیت | 384 | 2.68 | .466 | .024 | 0.001 |
| | باوکت کاریگەری هەیە لەسەر بیر و باوەڕی ئاینیت | 384 | 2.80 | .403 | .021 | 0.001 |
| | لە پۆشینی جلوبەرگدا گرنگی بە بۆچوونی باوکت دەدەیت | 384 | 2.59 | .493 | .025 | 0.001 |
| . | تێکڕای گشتی تەوەری یەکەم | 384 | 2.24 | 42. | 0.22. | 0.001 |

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە تێکڕای ناوەندی ژمێری گشتی گەیشتووەتە (2.24). هەرچەندە ئەم تێکڕایە لە ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (2) بەرزترە، بەڵام بە بەراورد بە تەوەری یەکەم، ئاستێکی نزمتر نیشان دەدات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مامناوەند هەست بە بوونی گۆڕانکارییە کولتوورییەکان دەکەن، بەڵام ئەم گۆڕانکاریيانە هێشتا نەبوونەتە هۆی گۆڕینی ڕادیکاڵی پێگەی باوک

خاڵی جەوهەری لەم تەوەرە لە وەڵامی ئەو بڕگانەدا، دەردەکەوێت کە باس لە لاوازبوونی پێگە دەکەن، بۆ نموونە بڕگەکانی تایبەت بە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەربەخۆیی ئابووری دایک، تێکڕای ژمێریان لە نێوان (1.24)و (1.30) دایە. ئەمەش نیشانەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە وەڵامدەرەوەکان بە توندی ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە کە پێگەی باوک بەرەو لاوازی ڕۆیشتبێت. بەپێی بەهای Sig کە یەکسانە بە (0.001) و بچووکترە لە (0.05)، ئەم ڕەتکردنەوەیە لە رووی ئامارییەوە واتادارە و نیشانی دەدات کە جێگیریی پێگەی باوک بەرامبەر گۆڕانکارییە نوێیەکان ڕاستییەکی زانستییە و تەنها ئەگەرێکی هەڕەمەکی نییە.

لە ئەنجامدا، بچووکیی بڕی هەڵەی پێوانەیی (SEM) کە لەم تەوەرەیەدا (0.22)ە، دڵنیایی دەدات کە ئەنجامەکان گشتگیرن. کۆی گشتی تەوەرەکە پێمان دەڵێت، کە سەرەڕای کرانەوەی کولتووری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، هێشتا باوک وەک نوێنەری خێزان لە بۆنەکاندا، بە بەرزترین تێکڕای (2.92)لەم تەوەرەیەدا و وەک سەرچاوەی کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی ئاینی و سیاسی منداڵەکانی ماوەتەوە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم تەوەرە بۆمان دەردەکەوێت کە پێگەی باوک هێشتا وەک ڕابەرێکی فکری و کۆمەڵایەتی لە ناو خێزاندا پارێزراوە، ئەمەش بە ڕوونی لە برگەی ژمارە(13) دەردەکەوێت کە دەڵێت باوک نوێنەری خێزانە لە بۆنە گرنگەکاندا. چونکە بەرزترین تێکڕای ژمێری بەدەستهێناوە کە (٢,٩٢)ە، ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت کە گۆڕانکارییە کولتوورییەکان نەیانتوانیوە ڕەهەندی نوێنەرایەتیکردنی خێزان لە باوک وەربگرنەوە.

لە لایەکی ترەوە، کاتێک سەیری ئەو برگانە دەکەین کە باس لە لاوازبوونی پێگەی باوک دەکەن بەهۆی هۆکارە نوێیەکانەوە، وەک برگەی ژمارە(10) سەبارەت بە سەربەخۆیی ئابووری دایک و برگەی ژمارە(9) ، سەبارەت بە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەبینین نزمترین تێکڕای ژمێریان تۆمارکردووە کە تەنها(1.24) و(1.25) ە. ئەم نزمبوونەوەی تێکڕایە لەم برگانەدا، بەڵگەیەکی ئاماریی بەهێزە (بە پشت بەستن بە بەهای (Sig = 0.001)، کە نموونەی توێژینەوەکە بە توندی ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە، کە گۆڕانکارییە ئابووری و تەکنەلۆژییەکان پێگەی باوکیان لاواز کردبێت.

هەروەها، بەرزبوونی تێکڕای برگەی ژمارە(16)، کە باس لە کاریگەری باوک لەسەر بیروباوەڕی ئاینی دەکات بە تێکڕای(2.80)، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە باوک هێشتا سەرچاوەی سەرەکی گواستنەوەی بەها ڕۆحی و کولتوورییەکانە بۆ نەوەکانی دوای خۆی، سەرەڕای هەموو ئەو کرانەوە کولتوورییەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەخۆیەوەی دەبینێت.

ئەنجامەکانی هەردوو تەوەرەکە نیشانی دەدەن، کە باوک پێگەی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزتر و جێگیرترە لە ئاستی کاریگەریی گۆڕانکارییە کولتوورییەکان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە خێزانی کوردی هێشتا پارێزگاری لە پێکهاتە تەقلیدییەکەی خۆی دەکات کە باوک تیایدا بڕیاردەری سەرەکییە.

**ئامانجی سێیەم:** دەرخستنی جیاوازی نێوان ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزاندا

خشتەی (٦-٧) جیاوازی نێوان ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزاندا دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارە (N) | تێکڕای ژمێریاری (Mean) | لادانی پێوانەیی (Std. Deviation) |
|---|---|---|---|---|
| پێگەی باوک | نێر | 232 | 24.04 | 1.54 |
| | مێ | 152 | 23.93 | 1.64 |
| کۆتایی (Total) | سەرجەم | 384 | 23.99 | 1.59 |

خشتەی (٧)

| ژ | گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارە (N) | تێکرا (Mean) | لادانی پێوانەیی (SD) | بەهای (t) | پلەی ئازادی (df) | ئاستی واتاداری (Sig) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | پێگەی باوک | نێر | 232 | 24.04 | 1.54 | 0.699 | 382 | 0.485 |
| 2. | | مێ | 152 | 23.93 | 1.64 | | | |

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی زانینی جیاوازی نێوان ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی باوکە لە ناو خێزاندا، داتاکان لە ڕێگەی ئامارە وەسفییەکان و تاقیکردنەوەی ( Independent Samples T-Test) شیکارکران. وەک لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت، تێکرای وەڵامەکانی ڕەگەزی نێر (24.04) بووە بە لادانی پێوانەیی (1.54)، لە بەرامبەردا تێکرای وەڵامی مێیەکان، (23.93) بووە بە لادانی پێوانەیی (1.64). ئەم ژمارانە نیشان دەدەن کە جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان تێکرای هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە.

بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئایا ئەم جیاوازییە واتادارییەکی ڕاستەقینەی ئاماریی هەیە، پەنا برا بۆ تاقیکردنەوەی (T-test). دەرکەوت کە بەهای تاقیکردنەوەکە (t = 0.699) بووە لە ئاستی واتاداری (Sig = 0.485). چونکە ئەم بەهایە گەورەترە لە ئاستی واتاداریی دیاریکراو (0.05)، دەگەینە ئەو دەرئەنجامە زانستییەی کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان ڕەگەز و پێگەی باوکدا نییە. واتای ئەم ئەنجامە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەیە کە ڕەگەز فاکتەرێکی کاریگەر نییە لە گۆڕینی تێڕوانینی تاکەکان بۆ پێگەی باوک. بەو مانایەی کە کوڕان و کچان لە نێو خێزاندا بە هەمان ئاست و بە شێوەیەکی هاوشێوە سەیری پێگە و ڕێزی باوک دەکەن

**ئامانجی چوارەم- زانینی جیاوازی پێگەی باوک بە بەراورد بە گۆڕاوەکانی ئاستی زانستی و ئابووری**

**1 - ئاستی زانستی**

بۆ زانینی جیاوازی پێگەی باوک بەپێی ئاستی خوێندەواری، تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA)ئەنجامدرا و ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون

بۆ گۆڕاوی ئاستی زانستی (One-Way ANOVA) خشتەی (8) ئەنجامی تاقیکردنەوەی

| ژ | سەرچاوەی | کۆی دووجاکان | پلەی ئازادی | تێکرای دووجاکان | بەهای | ئاستی واتاداری |
|---|---|---|---|---|---|---|

| جیاوازی | (SS) | (df) | (MS) | (F) | (Sig |
|---|---|---|---|---|---|
| له نێـــوان گرووپەکان | 22.982 | 4 | 5.745 | 2.326 | 0.056 |
| له نـــــاو گرووپەکان | 936.016 | 379 | 2.470 | | |
| کۆتایی | 958.977 | 383 | | | |

وەک لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، بەهای (F) گەیشتووەتە (2.326) و ئاستی واتاداری بریتییە لە (0.056). لەبەر ئەوەی بەهای واتاداری گەورەترە لە ئاستی واتاداری دیاریکراو (0.05)، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری نییە لە نێوان تاکەکان، لە تێڕوانینیان بۆ پێگەی باوک بەپێی ئاستی خوێندەوارییان. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئاستی زانستی و بڕوانامە فاکتەرێکی سەرەکی نییە لە گۆڕینی ئاستی ڕێز و پێگەی باوک لە ناو خێزاندا.

| ژ | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان (SS) | پلەی ئازادی (df) | تێکرای دووجاکان (MS) | بەهای (F) | ئاستی واتاداری (Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لە نێوان گرووپەکان | 15.827 | 3 | 5.276 | 2.126 | 0.097 |
| | لە ناو گرووپەکان | 943.171 | 380 | 2.482 | | |
| | کۆتایی | 958.977 | 383 | | | |

2 - ئاستی ئابووری

بۆ زانینی کاریگەری باری دارایی لەسەر پێگەی باوک، تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) ئەنجامدرا و ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون

خشتەی (9) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ گۆڕاوی ئاستی ئابووری.

سەبارەت بە گۆڕاوی ئاستی ئابووری، ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە بەهای (F) بریتییە لە (2.126)بە ئاستی واتاداری(0.097) چونکە ئەم بەهایە گەورەترە لە ئاستی واتاداری پەسەندکراو،(0.05) دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان پێگەی باوک و ئاستی ئابووری خێزاندا نییە. ئەمەش دەری دەخات کە پێگەی باوک وەک بەهایەکی جێگیر لە ناو خێزاندا پارێزگاری لە خۆی کردووە و نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری باری داراییەوە

بە پێی ئەو ئەنجامەنی لە خشتەی ژمارە (9-8) خراونەتە ڕوو، دەردەکەوێت کە پێگەی باوک وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی، خاوەن جێگیرییەکی تەواوە چونکە هیچ جیاوازییەکی واتادار لە تێڕوانینی تاکەکاندا نییە سەبارەت بەم پێگەیە، چ بەپێی گۆڕانی ئاستی خوێندەواری (زانستی) بێت، یان بەپێی باری دارایی و ئاستی داهات (ئابووری). ئەمەش ئەوە

دەسەلمێنێت کە رێز و پێگەی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا، رەگ و ریشەیەکی کولتووری و رەسەنی هەیە و لەژێر کاریگەری گۆڕاوە مادی و مەعریفەییە کاتییەکاندا نییە.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی هاوکێشە ئامارییەکان، دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی واتادار نییە لە نێوان پێگەی جاران و ئێستای باوک، بۆیە گریمانەی سفر (H0) پەسەند کرا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە خێزانی هەولێریدا، خاوەن پارێزبەندییەکی بەهێزە بەرامبەر گۆڕانکارییە دەرەکییەکان. ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت کە سەنتەری دەسەڵاتی باوک تەنها پێگەیەکی کارگێڕی نییە لە خێزاندا، بەڵکو بەشێکە لە میراتی کولتووری و فکری کۆمەڵگەی کوردی کە لە بەرامبەر مۆدێرنیتەدا پارێزگاری لە بوونی خۆی کردووە .هەروەها ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گۆڕانکارییە ماددی و تەکنەلۆژییەکان (وەک مۆدێرنیتە)، نەیانتوانیوە بە هەمان خێرایی کاریگەری لەسەر بنیاتە فکری و بەها سۆسیۆلۆژییەکانی خێزانی کوردی دابنێن، ئەمەش جەخت لەسەر جێگیریی پێگەی باوک دەکاتەوە وەک پارێزەری یەکگرتوویی خێزان.

لە رووی بەراوردکاری ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە لەگەڵ تیۆری بەکارهاوو، بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێگەی کۆمەڵایەتی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ماوەتەوە، چونکە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تەوەرەکان، لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی ئەو توێژینەوەیە. ئەو کۆدەنگیی نموونەی توێژینەوەکە، لەسەر رۆڵی سەرەکی باوک وەک بڕیاردەر دەسەلمێنێت. لە روانگەی تیۆرییەوە، ئەم ئەنجامە گوزارشت لە چەمکی وێنەی گشتی لای (جۆرج هێربێرت مید) دەکات، کە تێیدا باوک لە رێگەی کارلێکی رۆژانەوە، مانا رەمزییەکانی وەک پارێزەر و رێنماییکار لە زەینی ئەندامانی خێزاندا چەسپاندووە. هەروەها، ئەم پێگە بەرزە هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای (ماکس ڤێبەر) بۆ دەسەڵاتی نەریتی، کە تێیدا باوکی کورد وەک مۆدێلێکی نموونەیی، شەرعییەتی خۆی لە بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرێت. هەروەها ئەو ئەنجامانەی کە دەرهاتووە، جەخت لە کارکردی باوک دەکاتەوە وەک سەرکردەی ئامرازی، لای (تالکۆت پارسۆنز)، کە بەرپرسە لە پاراستنی هاوسەنگی و یەکگرتوویی خێزان، ئەمەش دەری دەخات کە باوک لە خێزانی کوردیدا هێشتا وەک ستوونێکی بەهێز ماوەتەوە و رۆڵەکەی بە شێوەیەکی کاریگەر لە ناو سیستەمی خێزانیدا ئەدا دەکات.

لە رووی بەراوردکارییەوە، لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووتر، ئەم ئەنجامانە کە ئاماژە بە بەهێزیی پێگەی باوک دەکەن، تەواو هاوتەریب و هاوڕان لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (سالم محمد الحاج، ٢٠٢٤)، کە لە کۆمەڵگەی لیبیدا ئەنجامدراوە. هەر وەک چۆن لە کۆمەڵگەی لیبیدا، هۆکارە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان پێگەی باوکیان وەک دەسەڵاتی کۆتایی و پارێزەری خێزان پاراستووە، لە کۆمەڵگەی کوردیشدا بە هەمان شێوە، ئەو توێژینەوە دەری دەخات کە باوک هێشتا وەک ستوونی سەرەکی و بڕیاردەر دەبینرێت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە

کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان (کوردستان و لیبیا وەک نموونە) سەرەڕای گۆڕانکارییەکان، هێشتا پارێزگاری لە مۆدێلی باوک وەک ناسنامە و گەرەنتی مانەوەی خێزان دەکەن.

هەرچی پەیوەستە بە توێژینەوەکەی (Balogun & others, 2023)، ئەنجامەکانی ئێمە وەک تەواوکەرێکی زانستی بۆ ئەو توێژینەوەیە دەردەکەون. لە کاتێکدا توێژەرانی ناوبراو لە ژینگەیەکی سنووردار لە باشووری ئەفریقا، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئامادەنەبوونی باوک، سەرچاوەی لێکترازانی خێزان و فشارە دەروونییەکانە، ئەوا دەرەنجامەکانی توێژینەوەی ئێستا ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێویستییە لە ناو خێزانی کوردیدا.

### دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1 - پێگەی باوک لە ناو خێزانی کوردیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ماوەتەوە، ئەمەش بەهۆی تێکڕای گشتی تەوەری یەکەم(2.66) کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناوەندی گریمانەیی (2)بەرزترە.

2 - باوک وەک ستوونی سەرەکی و سەرچاوەی بەهێزیی خێزان لە کۆمەڵگەدا دەبینرێت بە تێکڕای (2.95)، ئەمەش نیشان دەدات کە پێگەی باوک تەنها پەیوەست نییە بە ناوخۆی خێزان، بەڵکو ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی قووڵی هەیە.

3 - سەرەڕای گۆڕانکارییەکان، باوک هێشتا خاوەن قسەی کۆتاییە لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی ماڵەوە وەک (کڕینی موڵک، خوێندن، و هاوسەرگیری)، ئەمەش سەلمێنەری مانەوەی سیستەمی ناوەندێتی باوکە لە خێزانی کوردیدا

4 - گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان و هۆکارە نوێیەکانی وەک (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەربەخۆیی ئابووری دایک) کاریگەرییەکی لاوازیان هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی پێگەی باوک، و بەشداربووان بە توندی ئەو بیرۆکەیەیان ڕەتکردەوە کە ئەم هۆکارانە پێگەی باوکیان لەرزۆک کردبێت.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**سەرچاوەکان: یەکەم سەرچاوە کوردییەکان**


- القصير، مليحه عونى و احمد، صبيح عبدالمنعم. (٢٠٠٢) .*سۆسیۆلۆژیای خێزان* .(صابر بکر بۆکانی، وەرگێڕ). سلێمانی چاپخانەی داناز.
- بن مەحموود، محەمەد. (٢٠١٤) .دەروونزانی کۆمەڵایەتی .(ئارام ئەمین شوانی، وەرگێڕ). هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- حەسەن، محەمەد ئیحسان. (٢٠١٢) .تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان .(دیدار ئەبو زێد، وەرگێڕ). هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- کۆهێن، بروس. (٢٠١٤) .بنەماکانی کۆمەڵناسی .(چەکۆ ئەحمەدی، وەرگێڕ). هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.


**دووەم سەرچاوە عەرەبییەکان**


- الجابري، محمد عابد. (٢٠١٥) .وجهة نظر نحو إعادة بناء قضايا الفكر العربي المعاصر . بيروت مركز دراسات الوحدة العربية.
- الحسن، إحسان محمد. (٢٠١٥) .علم الاجتماع المفاهيم الأساسية .الأردن دار وائل للنشر.
- الخشاب، مصطفى. (١٩٨١) .دراسات في الاجتماع العائلي .بيروت دار النهضة العربية للطباعة والنشر.
- عطية، علي حسين حطيم. (٢٠١٢) .السلطة الأبوية في الأسرة العراقية المتغيرة .مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية، (٢٠٣)، ١٠٦٩-١٠٩٠.
- غيدنز، أنتوني. (٢٠٠٥) .علم الاجتماع .(فايز الصياغ، مترجم). بيروت المنظمة العربية للترجمة.
- محمد الحاج، سالم. (٢٠٢٤) .مكانة الآب في الأسرة الليبية بين التغير الاجتماعي والقيم والأعراف الاجتماعية بالمجتمع الليبي .مجلة القلعة، (٢٣). جامعة المرقب، كلية الآداب والعلوم مسلاتة.


**سێیەم سەرچاوە ئینگلیزییەکان**


- Balogun, T. V., et al. (2023). The need for fathers as role models to aid family and social cohesion in resource-constrained contexts. Journal of Family Strengths, 23(2), Article 2.
- Bourdieu, P. (1984). Distinction A social critique of the judgement of taste. Harvard University Press.
- Bourdieu, P. (1986). The forms of capital. In J. Richardson (Ed.), Handbook of theory and research for the sociology of education. Greenwood.
- Lamb, M. E. (Ed.). (2010). The role of the father in child development (5th ed.). Wiley.

- Mead, G. H. (1934). Mind, self, and society From the standpoint of a social behaviorist. University of Chicago Press.
- Merton, R. K. (1968). Social theory and social structure. Free Press.
- Parsons, T. (1951). The social system. Free Press.
- Parsons, T. (1959). Structure and process in modern societies. Free Press.
- Parsons, T. (1964). Social structure and personality. Free Press.
- Parsons, T., & Bales, R. F. (1955). Family, socialization and interaction process. Free Press.
- Weber, M. (1947). The theory of social and economic organizations. Free Press.
- Weber, M. (1978). Economy and society An outline of interpretive sociology. University of California Press.

**Sources**

First Kurdish sources

- Al-Qassir, Maliha Ouni and Ahmed, Sabih Abdul Mun'im. (2002). Sociology of the Family. (Saber Bakr Bokani, translator). Sulaimani Danaz Printing House.
- Ben Mahmud, Mohammed. (2014). Social Psychology. (Aram Amin Shuani, translator). Erbil Rojhelat Printing House.
- Hassan, Mohammed Ihsan. (2012). Advanced social theories. (Didar Abu Zeid, translator). Erbil Rojhelat Printing House.
— Cohen, Bros. . (2014). Principles of Sociology. (Cheko Ahmadi, translator). Erbil Rojhelat Printing House.

**Second, the Arabic sources**

- Al-Jabri, Muhammad Abed. (2015). A Perspective on Reconstructing Issues of Contemporary Arab Thought. Beirut: Center for Arab Unity Studies.
- Al-Hassan, Ihsan Muhammad. (2015). Sociology: Basic Concepts. Jordan: Dar Wael Publishing.
- Al-Khashab, Mustafa. (1981). Studies in Family Sociology. Beirut: Dar Al-Nahda Al-Arabiya for Printing and Publishing.

- Atiya, Ali Hussein Hatim. (2012). Patriarchal Authority in the Changing Iraqi Family. Al-Ustad Journal for Humanities and Social Sciences, (203), 1069-1090.
- Giddens, Anthony. (2005). Sociology. (Translated by Fayez Al-Sayyagh). Beirut: Arab Organization for Translation.

- Muhammad Al-Hajj, Salem. (2024). The Father's Status in the Libyan Family Between Social Change and Social Values and Norms in Libyan Society. Al-Qalaa Journal, (23). Al-Marqab University, Faculty of Arts and Sciences, Misrata.